زمانی ئاژەڵان

لە عەرەبییەوە: د. نەریمان خۆشناو
(زانکۆی سەڵاحەددین- کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی)

بابەتی (زمانی ئاژەڵان)، لەنێوان زمانەوانان لەلایەک و ئەو هزرڤان و نووسەرانەی گرنگی بە ئاژەڵان دەدەن لەلایەکی ترەوە، تا ئێستاکە مشتومڕێکی زۆری لەسەرە، ئەوجا لەبەر گرنگی ئەم بابەتە و لەبەر زۆر و بۆری بیر و بۆچوونەکانی پەیوەست بەم بابەتەوە، کە لە خودی خۆیدا هەستیارییەکی هەیە، پێمان باش بوو بەکورتی ئاوڕ لەم بابەتە بدەینەوە.

هۆکاری گرنگیدان بەم بابەتە لەلایەن زانایان و توێژەرانەوە بۆ لایەنی دەروونی مرۆڤ دەگەڕێتەوە، کە خواستی خۆبەزلزانی باڵی بەسەر هزر و بیریدا کێشاوە، بۆ ئەوەی بیسەلمێنێت، کە لە بوونەوەرانی دیکە باڵاتر و بەرزترە، بێگومان هەموومان دەزانین ئێمەی مرۆڤ لە چەندان خەسڵەتدا لەگەڵ ئاژەڵاندا هاوبەشین، بەتایبەت لەگەڵ ئاژەڵە شیردەرەکان/ مەمکییەکاندا، کە مەیموون بەهەموو جۆرەکانییەوە دەگرێتەوە.

یەکێک لەو کتێب و توێژینەوانەی پرسی (گیاندارێتی مرۆڤ)ی چارەسەر کردووە، کتێبەکەی زانا (دیزمۆند مۆریس)، بە ناوونیشانی (مەیموونی ڕووت)ـە، کە تێیدا پێداگری لەسەر ئەوە دەکاتەوە، مرۆڤ جۆرێکی بایۆلۆژییە و هەندە جیاوازی لەگەڵ ئاژەڵانی دیکە نییە، بەتایبەتی لەگەڵ مەیموون، وەک گۆرێللا و شامپانزی... تاد.

(مۆریس) باس لەوە دەکات، کە هەر مرۆڤێک دەتوانێت ئەو ئاژەڵە تەماشا بکات، کە جوولە

دەکـەن و دەبزوێـن و لەنـاو سـێرکەکاندا بـە جلوبەرگـی مرۆڤـەوە گەمـە دەکـەن و کاروبـاری ڕۆتینـی مرۆڤئاسـا جێبەجـێ دەکـەن، هـەروەک بڵێـی گاڵتەمـان پـێ دەکـەن، بەشـێوەیەک جیاکردنەوەیـان لەگـەڵ ئـاکار و ڕەفتارەکانـی مرۆڤـدا زەحمـەت دەبێـت، پسـپۆڕان و زانایـان لـەو باوەڕەدان، کـە ئاژەڵـە شـیردەرە/ مەمکییـە سـەرەکییەکان لـە مـرۆڤ بەهێزتـر و خێراتـرن، جەختیـش لـەوە دەکەنـەوە، کـە ئـەم ئاژەڵانـە توانایـی جەستەیی ئەوتۆیان هەیـە، کـە بەرگـەی ژیانـی ژینگەیـی سـەخت دەگرن، دەشـتوانن لەگەڵ دەوروبـەری خۆیانـدا هەڵبکـەن، کەواتـە مرۆڤیـش لەژێـر تیشـکی ئـەم شـتە ڕاستەقینانەدا، دەسـت بـە بەڵگەکانـی یەکلاکـەرەوەی خـۆی بگرێـت، کـە لەوانـی دیکـە باڵاتـرە و لـە ئـاژەڵان لەپێشـترە و جیـاوازی لەگـەڵ ئاژەڵـە شـیردەرە/ مەمکییەکانـدا هەیـە، بەڵگەکـە ئەوەیـە، کـە مـرۆڤ توانایـی فێربوونـی زمانـی هەیـە و دەشـتوانێت ئـەو زمانـە پـاش فێربوونـی زۆر بـە کارامەیـی بەکاربهێنێـت.

یەکێـک لـە خەسـڵەت و جیاکارییەکانـی مـرۆڤ ئەوەیـە، کـە دەتوانێـت لـە کەناڵـی زمانـەوە بیـر بکاتەوە و پێوەندی ببەسـتێت، ئەمەش خەسـڵەتی جیاکـەرەوەی مرۆڤـە بەسـەر بوونەوەرانـی دیکـەدا.

(١) مـرۆڤ بـە زمـان گوزارشـت لـە بیروبۆچـوون و هیـوا و ئـاوات و نیگەرانـی و خۆشـی و شـادی خـۆی دەکات، بەبـێ زمـان مـرۆڤ دادەبەزێتـە ئاسـتی ئـاژەڵان، واتـە ئاخاوتـن کلیلـی بوونـی مرۆڤـە لـەم گەردوونـەدا.

(ڕینـێ دیسـکراتین) کـە فەیلەسـووف و زانایەکـی ماتماتیکـە، پێـی وایـە جیاوازییـە سـەرەکییەکانی نێـوان ئـاژەڵان و مـرۆڤ بـە پلـە یـەک بـۆ توانایـی بەکارهێنانـی زمـان دەگەڕیتـەوە، نـەک وەک کاردانەوەیـەک بـۆ وروژێنـەرە سـۆزدارییەکان، بـەو شـێوەیەی هەندێـک ئـاژەڵ دەینوێنـن، (ڕینـێ) لـەوە ئاگادارمـان دەکاتـەوە نابـێ بەکارهێنانـی زمـان لـەلای مـرۆڤ و جوواڵـە سروشـتییەکان لەگەڵ یەکـدا تێکـەڵ بکەیـن، کـە لـەلای هەندێـک ئـاژەڵ هـەن، بێگومـان هەندێـک ئـاژەڵ هـەن، کـە دەتوانـن لاسـایی زمانـی مـرۆڤ بکەنـەوە، ئەگـەر ڕاهێنانـی زۆر باشـیان پـێ بکرێـت، هـەر بـەو شـێوەیەی مـرۆڤ قسـەی پـێ دەکات، بـەاڵم هیـچ ئاژەڵێـک ناتوانێـت بـە زمانـی مـرۆڤ قسـە بـکات. (٢)

لـەم بەشـەدا، لـەم بابەتـە دەکۆڵینـەوە و شـی دەکەینـەوە و هەندێـک شـێواز و دابونەریتـی ئـاژەڵان لەکاتـی پێوەندیکـردن لەگـەڵ یەکتریـدا تاووتـوو دەکەیـن، هەروەها ئەو چیـرۆک و مەتەاڵنە دەگێڕینـەوە، کـە دەربـارەی سـەگی گۆکـەر و ئـەو ئەسـپانە باسـکراون، کـە توانایـی ژمارەکـردن و ئەلفوبێیـان هەیـە، بێجگـە لەمانـەش بـە شـێوەیەکی گشـتگیر باس لـە (شـەمپانزی) و ئـەو توێژینەوانـە دەکەیـن، کـە دەربـارەی ئـەم ئاژەڵـە جێبەجـێ کـراون، بـە مەبەسـتی بەراوردکردنـی تواناییەکانـی شـەمپانزی لەسـەر فێربوونـی زمانـی مـرۆڤ، هەروەهـا ناشـبێ زمانـی (دۆلفین)مـان لەیـاد بچێـت، کـە باسـی لێـوە دەکەیـن، بـەاڵم بـا یەکـەم جار لـە خـوارەوەی پەیژەکـەوە دەسـت پـێ بکەیـن، کـە پۆلێنێکـی تایبەتـە بـە بوونـەوەرە زیندووەکان، ئەویـش بەگوێـرەی دوور و نزیکییـان لـە مرۆڤـەوە.

زمانی هەنگ

زمانـی هەنـگ وەک زاراوەیـەک چووەتـە نـاو زمانەوانییـەوە، ئـەم زاراوەیـە بەشـێکی فراوانـی لـە هـزر و بیـری هزرڤانـان و توێژەرانـی زمانەوانیـی گشـتی گرتووەتـەوە، ئـەو زانایانـە پێیـان وایـە، کـە زمانـی هەنـگ بـەو شـێوازە نییـە، کـە ئێمـەی

مرۆڤ پێی ئاشنابووینە، بەڵکوو زمانی هەنگ لە کۆمەڵە شێواز و جوولەیەک پێکدێت، کە لەلایەن هەنگەکانەوە لەکاتی پێوەندیکردن لەگەڵ یەکدیدا ئەنجام دەدرێن. هەندێک لە هزرڤانان و پسپۆڕانی زمانەوانی پێیان وایە، کە زمانی هەنگ لە زمانی (جاڵجاڵۆکە) و زمانی (قرژاڵی دەریایی) ئاڵۆزتر و پێشکەوتووترە، (٣) ئەو شێوازی سەماکردنەی هەنگەکان بەکاری دەهێنن، بە ئامرازێکی کارا بۆ پێوەندیکردن هەژمار دەکرێت، هەنگ دەتوانێت لەمیانەی نامەی دەنگییەوە کۆمەڵە مانایەک بگەیەنێت.

زمانی هەنگ لەسەر دوو بنەمای سەرەکی دەوەستێت، کە لەمانە پێکدێن:

یەکەم: گەڕان بەدوای خۆراک لەکاتی برسێتیدا.

دووەم: گەڕان بەدوای شوێندا، ئەویش لەکاتی ڕووداوی کارەسات و ڕووخانی ئەو شوێنەی دایکە هەنگی لێ بووە.

لەبەر تیشکی ئەم ڕاستییانەدا، دەتوانین بڵێین کە ئەوەی پێی دەوترێت زمانی هەنگ، ئەوە ئەو زمانە نییە بەپێی پێوەرەکانی ئێمەی مرۆڤ، ئێمە تا هەنووکە پێویستیمان بە بەڵگە و ئاماژە هەیە، توانایی و ئاماژە و نیشانەکانی هەنگمان بۆ بسەلمێنێت، کە بەگشتی شێوازگەلێکی بەراییین ئەگەر بە زمانی مرۆڤ بەراوردیان بکەین، کە مرۆڤ بەکاری دەهێنێت. نابێ وا بزانین، هەنگ ئەرکێکی زمانەوانی جێبەجێ دەکات، یان بە شێوازی ئێمەی مرۆڤ قسە دەکات، ئەو سەمایەی هەنگ دەیکات و ئەو هێمایانەی لە هەنگەوە دەردەچن، ناکرێ بە (زمان) ناوزەدیان بکەین، چونکە داهێنان و جێ پڕکردنەوە و کۆنترۆڵکردن یەکێکن لە تایبەتمەندێتییەکانی زمان.

زمانی باڵندە

بەڕاستی زمانی باڵندە شتێکی سەرسوڕهێنەرە و لەو دەنگانە پێکدێت، کە باڵندەکان دروستیان دەکەن، ئەم دەنگانەش بە باڵاترینی دەنگەکان هەژمار دەکرێت، کە لە هەموویان بە پێشکەوتووتر دادەنرێن، ئەگەر لەگەڵ دەنگی بوونەوەرەکانی دی بەراوردیان بکەین. (٤)

زمانەوانان پێیان وایە کە باڵندەکانیش شێوەزاری تایبەت بە خۆیان هەیە، ئەویش بەپێی ئەو لێکۆڵینەوانەی کراون، بەپێی ئەو تاقیکردنەوانەی زانا (سێبوک) لە ساڵی ١٩٦٨ کردوونی، قەلەڕەشی ئەمریکی لەکاتی ئارامیدا بە دەنگی خۆی قەلەڕەشەکانی دیکە کۆدەکاتەوە و لەکاتی مەترسیشدا بە دەنگی خۆی بڵاوەیان پێ دەکات.

ئەم تاقیکردنەوەیە جارێکی دی دووبارە کرایەوە و هەمان ئەو دەنگانە تۆمارکران و لە جەنگەڵستانەکانی ئەمریکا لێ درانەوە و ئەنجام ئەو دەنگانە هەمان دەرەنجامیان لێکەوتەوە، بەڵام ئەوەی جێی سەرسوڕمان بوو، ئەوە بوو کە هەمان ئەو دەنگانە لە جەنگەڵستانەکانی وڵاتی فەڕەنسا لێ درانەوە، قەلەڕەشەکانی ئەوێ پەرچەکردارییان نەبوو، وەک ئەوەی لە جەنگەڵستانەکانی ئەمریکا ڕووی دا، ئەمەش واتای وایە، کە قەڵەڕەشەکانی ئەمریکا دەنگی دیکە بەکاردەهێنن، کە لەگەڵ ئەوانەی فەرەنسا جیاوازییان هەیە، یان ئەو دەنگانە لەلای قەلەڕەشەکانی فەرەنسا گرنگ نین و پەراوێز دەخرێن و گوێیان پێ نادرێت.

لەم پێدراوانەوە بۆمان دەردەکەوێت، کە باڵندەکان تواناییەکی مەزنیان بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ هاوڕەچەڵەکەکانی خۆیان هەیە، ئەویش بەهۆی بەکارهێنانی دەنگ و ئاماژەی زانیاری فرەجۆر و فرەچەشن، ئەمەش سەرچاوەکەی (بە بۆچوونی زانایان) بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە

ئەندامەکانی دەرهێنانی دەنگ لەلای ئەو باڵندانە، لەوپەڕی پێشکەوتن و ئاڵۆزیدان، ئەمەش وا لەو باڵندانە دەکات، دەنگی ئەوتۆ دروست بکەن، کە مرۆڤ سەراسیمە بکەن و بۆ لێکۆڵینەوە و ڕامانی زیاتر پەلکێشی بکەن.

نابێ لەمەوە وا تێبگەین، کە باڵندەکان بتوانن بە (زمانی مرۆڤ) قسە بکەن، واتە بەو شێوازەی ئێمەی مرۆڤ قسەی پێ دەکەین، باڵندەکان تەنیا دەتوانن لاسایی ئەو دەنگانە بکەنەوە، کە گوێیان لێ دەبێت، هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە جیاوازییەکی بنەڕەتی لەنێوان مرۆڤ و بنیادی فسیۆلۆژی باڵندەکاندا هەیە، هەرچەندە ئەندامی دەنگیشیان پێشڤەچوونیان بەخۆوە بینیوە.

لاساییکردنەوەی باڵندەی (مینە)ی ئاسایی و (تووتی) بۆ دەنگی مرۆڤ بە زمانێکی ڕاستەقینە هەژمار ناکرێت، چونکە بەکارهێنانی زمان، واتە توانایی ئاخێوەرەکەیە بۆ بەکارهێنانی ئەو زمانە بەشێوەیەکی ڕاستودروست و بەوپەڕی توانایی و لێهاتوویی‌یەوە، کە بەشێوەیەکی دینامیکی و سروشتی بەڕێوە بچێت، نەک وەک ئەو ڕستە و وشانەی فێری باڵندەکان دەکرێن، وەک بۆ نموونە تووتییەکان فێر دەکرێن، ئەم ڕستانە بڵێن:

١- عەلی لێرەیە.

٢- بەیانی باش.

تووتییەکان، یان باڵندەی (مینەی) ئاسایی ئەم شتانە فێردەبن، بەڵام ناتوانن پرسیارێک دەربارەی (عەلی) دابڕێژن، کە ئایا لێرەیە، یان نا، بە هەمان شێوەش ناتوانن هیچ پێکهاتەیەکی زمانەوانی بەبێ ڕاهێنانێکی چڕ ڕەت بکەنەوە، واتە لاساییکردنەوە پێچەوانەی زمانە ڕاستەقینەکەیە، بێجگە لەمەش ئەو باڵندانەی ئامازەمان پێ کردن، تەنیا هەر دەتوانن لاسایی مرۆڤ بکەنەوە، بۆ ئەو ڕستانەی فێریان دەکرێت، بەڵام بەهیچ شێوەیەک لێیان تێناگەن، وەک فێرکردنی (بەیانی باش و ئێوارە باش)، کە دەکرێ لە کاتەکانی خۆیاندا بیانڵێنەوە، بەڵام ناتوانن بەو شێوەیەی ئێمە فێریان بکرێن، کەواتە بەکارهێنانی زمان لەلایەن مرۆڤەوە بە یەکێک لە موعجیزاتەکانی خودا دادەنرێت، کە لە مرۆڤدا ڕەنگ دەداتەوە، کە تواناییەکە بەهیچ بوونەوەرێکی دیکەی نەبەخشیوە، زانایانیش ئەم شتەیان سەلماندووە، کاتێک گوتوویانە مرۆڤ بۆ ئەوە لەدایکبووە، تا زمان فێربێت، بەمە مرۆڤ بەرزدەکەنەوە و پلە و پایەکانی لە بوونەوەرەکانی دیکە بااڵتر دەبەن.

زمانی دۆلفین

(دۆلفین) یەکێکە لەو ئاژەڵە دەریاییانەی، کە بە دۆستی مرۆڤ دەناسرێت، کە بارستاییەکی مامناوەندی هەیە، ئەگەر لەگەڵ (شێری دەریا)، یان لەگەڵ (نەهەنگ) بەراوردیان بکەین، (دۆلفین)ەکان لەلایەن زمانەوانانەوە گرنگییان پێ دراوە، بە مەبەستی ناسین و زانینی سروشتی ئەم ئاژەڵە دەرییە، کە ئایا تا چ ڕادەیەک دەتوانێت لاسایی زمانی مرۆڤ بکاتەوە و پلە و ئاستی بەرەوپێشچوونی ئەندامی ئاخاوتنیان چەندە، زمانەوانان لەم مەسەلەیەدا مشتومڕیان هەیە و لە لێکۆڵینەوەکانیاندا ڕووبەڕووی چەندان ئاستەنگ بوونەوە، ئاستەنگ و سەختییەکان لەوەدا بەرجەستەبوون، کە ناتوانین ئەو ئاژەڵەی ددانەکانی بچووکن لە ماڵەوە وەک منداڵی بچووک بەخێویان بکەین، بێجگە لەوەش دۆلفین لەڕووی جەستەییەوە کەم ئەندامە و دەستی نییە، تا بتوانێت وەک مەیموونەکان زمانی هێماکردن فێربێت، سەرباری ئەمەش کۆئەندامی دەنگی دۆلفین لەگەڵ سندووقی دەنگی مرۆڤدا جیاوازی هەیە، وەک زانایانی زیندەوەرزانی و زەریازانی ئامازەی پێ

دەکەن.

ناسراوترین ئەو لێکۆڵینەوانەی لەسەر (دۆلفین) کراون، ئەو لیکۆڵینەوەیەیە، کە (جۆن لیلی) کردوویەتی، بە مەبەستی زانینی ئەو شێوازەی ئەم ئاژەڵانە بەهۆیەوە لەنێو دەریا و ئۆقیانووسەکاندا پێوەندی بە یەکدییەوە دەکەن، کە ئەنجامەکانی لە کتێبێکدا بە ناوونیشانی (عەقڵی دۆلفین) بڵاوکردەوە.

(لیلی) لەم لێکۆڵینەوەدا چەند ژینگەیەکی دەستکردی دروست کرد، کە بە کەڵکی ژیانی مرۆڤ و دۆلفین بێت، کە بتوانن هەردووکیان پێکەوە بە ئارامی بژین، بەڵام گۆڕاوێکی سادەش لە ڕەفتاری هەردووکیاندا ڕووی دا.

توێژینەوەکە ڕوونی کردەوە، کە (دۆلفین) تواناییەکی گەورە و ئارەزوویەکی بەهێزی بۆ تێکەڵبوون لەگەڵ مرۆڤدا هەیە، بێجگە لەوەش دەرکەوت، کە دۆلفین زمانی تایبەت بە خۆی هەیە، کە لە دەنگ و هاوارێک پێکدێت، کە ئاراستەی دۆلفینەکانی دیکەی دەکات، دەرەنجامی ئەم لێکۆڵینەوەیە بووە مایەی ڕەزامەندیی ژمارەیەک لە هزرڤان و زمانەوانان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەلایەن ژمارەیەک زانای سایکۆلۆژیەوە ڕووبەڕووی ناڕەزایەتییەکی توندبووەوە، کە ترس و گومانیان خستە سەر دروستیی ئەو میتۆدەی لە لێکۆڵینەوەکەدا پەیڕەوکرا، کە دەرەنجامەکانیش لەوانەیە ڕاست نەبن، بەهەر حاڵ ئێمە لێرەدا باس لەم بابەتە ناکەین، بەڵام ئاماژە بەوە دەکەین، کە ئەم لێکۆڵینەوەیە ئاستۆیەکی فراوان و نوێی والا کرد، کە بۆ جێبەجێکردنی توێژینەوەی زانستی دەربارەی ئەم ئاژەڵە پەلکێشمان دەکات.

هەروەها لە توێژینەوەیەکی دیکەدا دەربارەی پێوەندییەکانی دۆلفین لەگەڵ یەکتردا، کە (باستن) کردوویەتی، دەرکەوت، (زمانی دۆلفین) تەنیا لە هێما و چەند دەنگێک پێکدێن، کە بەهۆیانەوە پێوەندی لەگەڵ یەکدیدا دەکەن.

ئەم لیکۆڵینەوەیە لەسەر دوو دۆلفینی نێر و مێ کرا، (٥) لە لێکۆڵینەوەکەدا هەریەک لەو دوو دۆلفینە خرانە ناو شوێنێکی جوداوە، کە یەکدیان نەدەبینی، بەڵام دۆلفینە مێیەکە خرایە بەر ڕووناکییەکی پچڕپچڕ و هەندێک جاریش بە بەردەوامی ڕووناکییەکە دەخرایە سەری، لێکۆڵینەوەکە بەم شێوەیە جێبەجێ کرا: لە کاتی دەرکەوتنی ڕووناکییە بەردەوامەکە، دۆلفینە مێیەکە بە پەلی ڕاستی خۆی گوشاری دەخستە سەر قەڵغانێکی دیاریکراو، کە بە هاوار و بانگەکانی خۆی دۆلفینە نێرەکەی دیکەی ئاگادارەدەکردەوە، ئەویش بە پەلی ڕاستەی خۆی گوشاری دەخستە سەر قەڵغانێکی هاوشێوە، کە بۆی دانرابوو، کەچی لەکاتی تیشکە پچڕاوەکەیدا، دۆلفینە مێینەکە بە پەلی چەپی خۆی گوشاری دەخستە سەر قەڵغانێکی دیکە و بانگی دۆلفینە نێرەکەی دەکرد، تا لەلایەن خۆیەوە گوشار بخاتە سەر قەڵغانێکی دیکەی هاوشێوە بە پەلی چەپی خۆی، تاقیکردنەوەکەش بەو شێوەیە بوو، کە لەکاتی جێبەجێکردنی ئەم ئەزموونەدا بەشێوەیەکی ڕاستودروست، هەریەکە ماسییەکیان بە دیاری دەدرایە، دەرەنجام لێکۆڵینەوەکە سەلماندی، کە ئەو هەوڵانەی بە هەر یەک لەم دۆلفینە مێیە و نێرە سپێررا بوو، بووە پرۆسەیەکی وەڵامدانەوەی مەرجدار بەو شێوەیەی سەگەکان لە لێکۆڵینەوەکەی زانای ڕووسی (بافلۆف) دەیانکرد.

لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت کە (دۆلفین) زمانی نییە بەو شێوەیەی ئێمە مامەڵەی پێ دەکەین، بەڵکوو زمانی دۆلفین لە چەند شێواز

و ئامـرازی بەرایـی پێکدێـت، کـە لـە هـاوار و دەنگی بەهێزدا بەرجەستە دەبێت، ئـەم هـاوار و بانگکردنانـە لـە مەودایەکـی دوورەوە و لـە نـاخ و قووڵایـی ئۆقیانووسـەکانەوە دۆلفینـەکان ئاراستەی یەکتـری دەکـەن، کەواتـە لێـرەدا دەگەینـە ئـەو دەرەنجامـەی، کـە مرۆڤ تاکە بوونـەوەرە بەوپەڕی لێزانـی و عەقڵـی و پەندیـاری و چاوسـاغییەوە توانایـی بەکارهێنانـی زمانـی هەیـە.

زمانی ئاژەڵ

یەکێک لـەو توێژینـەوە و ئەزموونانـەی جەختیان کردووەتـەوە سـەر ئـەم لایەنـە، ئـەو ئەزموونانـەن، کـە لەسـەر ئاژەڵـی (ژووژکی ئەمریکـی) جێبەجـێ کـراون، لێکۆڵینەوەکـە بـە ئامانجـی دۆزینـەوەی ئـەو دەنگانـە بـوو، کـە ئـەم ئاژەڵـە بەکاریـان دەهێنێـت و ئایـا هیـچ خەسـڵەتێکی هاوبـەش لەنێـوان دەنگـی مـرۆڤ و دەنگـی ئـەو ئاژەڵـەدا هەیـە، یـان نـا.

پـاش لێکدانـەوەی دەنگـە تۆمارکـراوەکان لـە ڕێگـەی مامەڵەکردنێکـی زانسـتیی وردەوە، (٦) سـەلمێنرا کـە ئـەم جـۆرە دەنگانـە بـۆ کەسـێکی ئاسـایی هیـچ مانایـەک بـە دەسـتەوە نـادەن، کەچـی کەسـی زانـا و پسـپۆڕی ئـەو بـوارە بـۆی دەردەکەوێـت، کـە بۆنـی ناخۆشـی ژووژکـی ئەمریکـی نامەیەکـە بـۆ ئەوانـی دیکـە لـە هاوئاژەڵانـی خـۆی کـە برسـییەتی، یـان بـە تەنیایـە و پێویسـتی بەوانـی دیکـە هەیـە.

هەروەهـا ئاژەڵـی (تنریـق)ی (مەدغەشـقەر) ی هەندێـک دەنـگ دەردەکات، کـە لـە ئەنجامـی بەریەککەوتنـی هـەردوو باڵـی بـە پشـتییەوە دەردەچێـت، کـە دەنگـی تووندوتیـژن و بـە لـەرەی بـەرز دەردەکـەون، کـە لـە تووندییەکەیـدا و لـە دەنگدانەوەکەیـدا لـە سـیپەر سـیپڕی سیسـارک دەچێـت، ئـەم جـۆرە دەنگانـە لـەلای ئێمـە هیـچ واتایـەک ناگەیەنـن، کـە لـەلای ئـەو ئاژەڵانـە دروسـت دەبـن، هەروەهـا ئاژەڵـی زەریایـی (حەبـار) کـە لـە ئۆقیانووسـەکاندا دەژیـن، ئـەم ئاژەڵـە لەکاتـی هەسـتکردن بـە مەترسـی هـاڵاوی ڕەنگاوڕەنـگ دەردەکات، وەک ئـەوەی دەیـەوێ بڵێ مـن بەتەنیـام، ئـەم ڕەفتـارەی (حەبـار) دەیـکات، بـە زمانـی مـرۆڤ هیـچ ناگەیەنێـت و بـەو زمانـە هەژمـار ناکرێـت، کـە مـرۆڤ قسـەی پـێ دەکات، بەڵکـوو کۆمەڵـە ئاماژەیەکـە کـە ئاژەڵەکـە بـە مەبەسـتی ئاگادارکردنـەوە دەریـدەکات.

هەروەهـا دەتوانیـن چاودێـری ئاژەڵـی (قونـدس) (سـمۆرە) بکەیـن، (٧) بۆمـان دەردەکەوێـت کـە ئـەم ئاژەڵـە هەندێـک جـار کلکـی خـۆی بەتونـدی بـە زەویـدا دەدات، بـە شـێوەیەک کـە تووشـی مەترسـیت دەکات، ئـەم لێدانـە لەلایـەن پسـپۆڕانی ئاژەڵناسـییەوە بـەوە لێـک دەدرێتـەوە، کـە ڕەفتارێکـە بـۆ ئاگادارکردنـەوەی هاوەڵانـی خـۆی لـە مەترسـییەک، کـە لـە دەوروبـەردا هەیـە.

ئـەم جووڵـە و لێدان و هاوارانـە کۆمەڵـە دەنگێکن، کـە هەڵگـری واتـا و ئاماژەگەلێکـن، ئاژەڵەکانـی دیکـە تێیـان دەگـەن، بـەڵام مـرۆڤ تێیـان ناگات، ئـەو مانایانـەی ئـەو دەنگانـە ئاماژەیـان بـۆ دەکـەن، تاڕادەیەکـی زۆر وەک ئاماژەیـەک بـۆ نزیکبوونـەوەی مەترسـییەک بەکاردێـت، کـە واتـای شـێوازی ئاگادارکردنـەوە دەبەخشـێت.

لێـرەدا بـا بچینـە سـەر مەسـەلەیەکی دیکـە، کـە گرنگـی خـۆی هەیـە، ئایـا (شـەمپانزییەکی بچـووک) ئەگـەر لـە ماڵێکـدا بەخێـو بکرێـت، کـە منداڵێکـی بچووکـی تێـدا بێـت و هەمـان پـەروەردە و خزمەتکردنـی ئاراسـتە بکرێـت، ئایـا هەمـان زمانـی منداڵەکـە فێـر دەبێـت، کـە بـە هەمـان دەرەنجـام و هەمـان پلەبەنـدی فێربوونـی زمانەکە؟

بەهـای ئـەم پرسـیارە زۆر گرنگـە، ئەگـەر ئـەو پاسـتییە بهێنینـەوە یـاد، چونکـە ماوەیەکـی زۆر هەسـتیار لـە تەمەنـی مرۆڤـدا هەیـە، کـە ئەگـەر تێیپەڕاند، ئیتـر ناتوانێـت زمانەکـە بـە شـێوەیەکی سروشـتی فێـر ببێـت و بـە شـێوەیەکی دینامیکـی قسـەی پـێ بـکات، ئەمـەو زمانەوانـەکان هەوڵیـان داوە، وەڵامـی ئـەم پرسـیارەی پێشـوو بدەنـەوە، لەمیانـەی ئـەو توێژینـەوە و تاقیکردنـەوە زانسـتییانەی سـاڵانێکی دوورودرێـژ پێـوەی خەریک بـوون، کـە هەندێکیـان دەرەنجامـی ئەوتۆیـان بەدەسـتەوە نـەدا.

وەک ئـەو توێژینەوەیـەی لـە ئەمریـکا لەسـەر مەیموونێکـی بچـووک لـە جـۆری شـامپانزی کـرا، کـە بـۆ مـاوەی شـەش سـاڵ لـە ماڵێکدا دایاننـا و هەمـوو پێداویسـتییەکانی ماڵـی بـۆ دابینکـرا و وەک منداڵـی مـرۆڤ مامەڵـەی لەگەڵـدا کـرا، کەچـی ئـەو شـەمپانزییە لـەو مـاوە درێـژەدا تەنیـا چـوار وشـە فێربووبـوو.

ئـەم توێژینەوەیـە زۆر لـە هزرڤانانـی تووڕەکـرد و بـووە ململانـێ و مشـتومڕێکی زۆر و زەبـەر، دەرەنجـام گومـان کەوتـە زانسـتیبوونی شـێوازی لێکۆڵینەوەکـە و ڕاستودروسـتی ڕێـکار و شـێوازەکە بەگشـتی، ئەوەبـوو زانایانـی دەنگسـازی و هەندێـک لـە زانایانـی دەروونناسـی گەیشـتنە ئـەوەی کـە توێژینەوەکـە لـە خـودی خۆیـدا نادڕەوەرانەیـە، بەتایبەتـی کـە هەندێـک ڕاسـتەقینەی زانسـتی هـەن ئـەوە دەسـەلمێنن، کـە کۆئەندامـی ئاخاوتـن لـەلای شـامپانزی لەگـەڵ فۆنیمەکانـی زمانـدا ناگونجێـت، ئەویـش لەبـەر ئـەو نوقسـانییە فسـیۆلۆژییەی لـە ئەندامەکانـی ئاخاوتـن لـەلای ئـەم ئاژەڵـە بـەدی دەکرێـت.

هەرچەنـدە ئـەم بـوارە تووشـی چەنـدان شکسـت بـوو، کەچـی توێژینـەوە و لێکۆڵینـەوەکان تـا هەنووکـە بەردەوامـن، بۆیـە هـەردوو زانـا (گاردنـەر ئـاڕ. ئـەی و گاردنـەر بـی. تـی) (Gardener, R.A, and Gardener, B. T.) شـێوازێکی نوێیـان لـە لێکۆڵینەوەکانیانـدا پەیڕەوکـرد، کـە لەگـەڵ لێکۆڵینـەوەی خۆیانـدا شـەمپانزییەکی مێیینەیـان هێنـا، نـاوی (واشـۆ)یان لێنـا، لـە هەفتەکانـی سـەرەتای تەمەنیـدا بـۆ ماڵێکـی تەرخانکـراو بـۆ مـرۆڤ گوێزرایـەوە، لـەم ماڵـەدا بەخێوکـراو گرنگییەکـی تایبەتـی پـێ درا و وەک منداڵـی مـرۆڤ ڕەفتـاری لەگەڵـدا کـرا، پاشـانیش دەسـتکرا بـە ڕاهێنانـی لەسـەر زمانـی هێماکـردن لەجیاتـی زمانـی زارەکـی، وەک هەوڵێـک بـۆ ئـەوەی نوقسـتانییە فسـیۆلۆژییەکەی تێپەڕێنێـت و وەک دەرفەتێکیـش بـۆ زانینـی ئاسـتی زیرەکییەکـەی و توانایـی لێهاتوویەکـەی لـە بەکارهێنانـی دەستەکانیشـیدا بیسـەلمێنێت، ئەنجامەکانـی ئـەم ئەزموونـەش زۆرباش بـوو و لایەنـی ئەرێنـی لەخۆگرتبـوو، لێـرەدا (واشـۆ) لـە تەمەنـی پێنـج سـاڵیدا توانـی زیاتـر لـە (٨٠) وشـە فێربێـت، پاشـانیش (واشـۆ) بـەردەوام بـوو لەسـەر فێربـوون، تـا ئـەو وشـانەی فێریـان بووبـوو گەیشـتنە (١٢٠) وشـە.

هـەردوو زانـا (گاردنـەر ئـاڕ. ئـەی و گاردنـەر بی.تـی) باسـیان لـەوە کـرد، کـە لەکاتـی لێکۆڵینـەوە لـە توانایـی (واشـۆ) بـۆ ئەداکردنێکـی زووتـر بـە بـەراورد بـە نابیسـتەکان، ئـەوە ڕوون بـووەوە، کـە زۆر لـە وتنەکانـی (واشـۆ) لەڕێگـەی هێماکانـەوە نزیکـن لـە هەمـان شـێواز و هەمـان سیسـتمی (Ordoring) کـە منداڵێکـی بچـووک دەریدەبڕێـت، ئـەو دوو زانایـە جەختیـان کـردەوە سـەر توانایـی (واشـۆ) لـەڕووی مێشـکەوە لـە بـواری تێگەیشـتن و درککـردن و ناسـینەوەی هێماکانـی زمـان، کـە توانایـی بەرزتربـوو لـە دروسـتکردنی خـودی ئـەو هێمایانـە.

بە پشتبەستن بەم ئەنجامە کۆتاییانەی لەسەر (واشۆ) کراون، تیمی زمانەوانان جەختیان لەسەر ئەوە کردەوە، کە ئەم جۆرە ئاژەڵانە دەتوانن هەندێک هێمای زمانی ئاماژە بەکاربهێنن، سەرباری سستی، ئەگەر بە توانایی منداڵان بەراورد بکرێت، ئەم تیمەی زانایان لەو باوەڕەدان، کە ئەستەمە شەمپانزی بە هەمان ڕەوانی و بە هەمان ئەو شێواز و ئەو ئاستەی مرۆڤ فێری دەبێت، زمان فێر ببێت.

هەروەها توێژینەوەیەکی دیکە دەربارەی زمانی شامپانزی کرا، ئەو توێژینەوەیە بوو، کە لەسەر شامپانزییەکی مێینە بە ناوی (ڤیکی) کرا، لەم توێژینەوەیەدا شامپانزییەکە خرایە بەر چاودێری و بەخێوکردن و ڕاهێنان، پاش تێپەڕبوونی ماوەیەک (ڤیکی) توانی چەند وشەیەک فێربێت، بێجگە لەوەش فێری درکاندنی هەندێک وشە بوو، کە بەسەختی دەیدرکاندن، وەک وشەکانی (دایکە Mama) (باوکە Baba) (کوپ Cup) (مۆز Banana)... تاد، بەڵام نەیتوانی وشەی نوێ فێربێت، ئەمەش بووە بەڵگەیەک لەسەر ئەوەی شامپانزێ ناتوانێت زمانی مرۆڤ فێربێت و بەشێوەیەکی سروشتی قسەی پێ بکات.

دەروونناس (داڤید پریمک) مامۆستا لە زانکۆی کالیفۆرنیای ئەمریکی ڕاهێنانی بە شامپانزییەکی بچووک کرد، کە ناوی (سارا) ی لێنا، لەم ڕاهێنانەدا شامپانزییەکەی فێری جۆرێکی دیکەی زمان کرد، کە لە کۆمەڵە هێمایەکی پلاستیکی ڕەنگاوڕەنگ و هەمەجۆر پێکهاتبوو، هەریەکە لەو وشانە لەلای (سارا) ئاماژەیان بۆ وشەیەکی دیاریکراو دەکرد و ناسرا بوون.

لە ڕێگەی ئەم هێمایانەوە لێکتێگەیشتن لەنێوان ڕاهێنەرەکە و (سارا) دروست دەبوو، ئەو هێمایانە لەسەر تابلۆیەکی موگناتیسی ڕێکخرا بوون، لەم ڕاهێنانەدا (سارا) هێمایەکی دیاریکراوی بە ڕەنگێکی دیاریکراو هەڵدەبژارد، لەکاتی گوزارشتکردن لە وشەیەک، یان مۆرفیمێکی دیاریکراو، بۆ نموونە لەو زمانەی (سارا) لێی تێدەگەیشت چوارگۆشەی سوور و بچووک واتای (مۆز)ی دەگەیاند، کەچی سێگۆشەی سپی ئاماژە بوو بۆ (سێو)،...تاد.

(پریمک) دەیوت (سارا) بەسەرکەوتوویی تاقیکردنەوەکانی کرد، ئەمەش بووە بەڵگەیەک لەسەر توانایی مێشکی (سارا) بۆ فێربوونی ئەم زمانە، سەرباری ئەمەش (سارا) توانی هەندێک لە ڕێزمانی زمانی ئینگلیزیش تێبگات، ئەمەش سەلماندی کە (سارا) توانایی تێگەیشتنی پێکهاتەی ڕستەیی هەیە، کە لە خودی خۆیاندا ئاڵۆزن، بگرە لەلای منداڵانی مرۆڤیش سەخت و زەحمەتن، بە هەرحاڵ تاکە جیاوازی لەنێوان زمانی (سارا) وەک ئەوەی لێی تێدەگەین و زمانی منداڵی مرۆڤ لەو شێوازەدایە، کە زمانەکەی پێ فێردەکرێت، چونکە لەم ڕاهێنانەدا زمان بەشێوەیەکی ڕێکوپێک فێری (سارا) کرا، بەڵام ئەم شێوازە بۆ فێرکردنی منداڵ لە قۆناغی گەشەسەندنی زمانەوانیدا، لەلایەن دایک و باوکەوە پەیڕەو ناکرێت، هیچ باوک و دایکێک نییە وشەی دیاریکراو، کە هەڵگری مانای دیاریکراو بن، فێری منداڵەکانیان بکەن، بەڵکوو لە سەرەتادا منداڵەکان بە شێوەیەکی هەڕەمەکی فێری زمان دەبن، لەبەر ئەوە دەگەینە ئەو دەرەنجامەی، کە هەرچەندە ڕاهێنانی (سارا) سەرکەوتنی بەدەست هێنا، بە شێوەیەک کە زمانەوانانی پێ سەراسیمەبوون، کەچی ئەم مەسەلەیە تا هەنووکە بە تەمومژاوی ماوەتەوە، چونکە کەس ناتوانێت ئەوە بسەلمێنێت، کە (سارا) زمانی تایبەت بە خۆی هەیە، کە

یەکسانە بەو زمانەی مرۆڤ بەکاری دەهێنێت، هۆکارەکەشی ڕوون و ئاشکرایە، کە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە زمانەکەی (سارا) زمانێکی ڕاستەقینە نییە.

لە کۆتاییدا دەگەینە ئەو دەرەنجامەی، کە (زمانی باڵندە)، یان (زمانی ئاژەڵ)، یان (زمانی ماسی) هیچ بنەمایەکی زانستییان نییە، چونکە ئەم جۆرە شێوازانە بە زمانێکی ڕوون لەلای ئێمەی مرۆڤ دانانرێت و بە زمانێکی نوقسان دادەنرێت، زمانی هێماکان کۆمەڵە شێوازێکی بەراییەن، کە ئەم بوونەوەرانە لەگەڵ یەکدیدا بەکاریان دەهێنن.

لێرەدا نابێ وا لەم قسەیە تێبگەین، کە ئیتر ئەمە کۆتایی مەسەلەکانە و پێویست بە توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی دیکە ناکات، نەخێر، بە پێچەوانەوە، ئێمە پێویستمان بە کۆششی زانستی دیکە هەیە، ڕێگەی زانست و زانین سەخت و دژوارە و کۆتایی نەهاتووە، ئێمە نابێ لە ناوەندی ڕێگەکەدا چۆک دابدەین، بەڵکوو پێویستە بەرەو زانست و زانیاری مرۆیی هەنگاوی زیاتر بنێین، لەپێناو لابردنی تەومژاوییەکان و ناسینی بوونەوەرانی دیکە، ئەوەی لەم ڕۆژگارەدا ناسیومانن، لە ڕابوردوودا نەزانراوبوون، کەواتە بێگومان دیاردەی دیکە هەن، کە تا هەنووکە نەزانراون، پێویستە کۆششیان بۆ بکەین بۆ زانینیان، خودای گەورە دەفەرموێت: (وما اوتیتم من العلم الا قلیلا) (صدق الله العظیم)، واتە تەنیا ڕێژەیەکی کەم لە زانستتان هەیە.

ئەم نووسینە لەم کتێبە وەرگێڕراوە:
محمد سعید احدید(١٩٩٠)، مدخل الی علم اللغة، مطابع الوحدة العربیة، الزاویة، ص ٩٠ – ١٠٢.

پەراوێزەکان:

1 - Fisher, Hilda B., Improving Voice and Articulation. The Florida State University, 1966.
2 - Fromkin, V. and Rodman, R., An Introduction to Language, Holt, Rinchart & Winston, 1978.
3 - Fromkin, V. and Rodman, R., An Introduction to Language, Holt, Rinchart & Winston, 1978.
4 - Elgin, H.S., What is Linguistcs?, Prentice – Hall, Inc., New Jersey, 1973.
5 - Fromkin, V. and Rodman, R., An Introduction to Language, Holt, Rinchart & Winston, 1978.
6 - Elgin, H.S., What is Linguistcs?, Prentice – Hall, Inc., New Jersey, 1973.
7 - Aitchison. Jean. Linguistics, Hodder & Stoughton Ltd. Kent England, 1978.

سەرچاوەکان:

1 - Elgin, H.S., What is Linguistcs?, Prentice – Hall, Inc., New Jersey, 1973.
2 - Fromkin, V. and Rodman, R., An Introduction to Language, Holt, Rinchart & Winston, 1978.
3 - Aitchison. Jean. Linguistics, Hodder & Stoughton Ltd. Kent England, 1978.
4 - Fisher, Hilda B., Improving Voice and Articulation. The Florida State University, 1966.